خولی ئیتالیا... یانی ناپلی بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە کالیاری بردەوە و بووە پاڵەوان

لە خولی ئیتالیا یانی ناپلی بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە کالیاری بردەوە و بووە پاڵەوان ئینتەریش شکستی بە کەم هێنا.

لە یاریێکانی کۆتا هەفتەی خولی ئیتالیا ناپلی پێشنگ لە یاریگای دێگۆ ئارماندۆ مارادۆنای تایبەت بە خۆی میوانداری کالیاری کرد.

تایمی یەکەم، تیپەکەی کۆنتی بە هەموو توانای خۆیانەوە هەوڵی تەمارکردنی گۆڵیان دەدا، لە خولەکی 42ی یاریێکەش ماکتەمینای ئامانجەکەی بەدیهێنا و گۆڵی یەکەمی نوسیبووە.

لە تایمی دووەم، یاریێکە بە هەمان سیناریۆ درێژەی کێشا، ناپلی بەردەوامبوو لە فشارکردن تاکو رەمیلۆ لوکاکۆ لە خولەکی 51 گۆڵی دووەم و دڵنیایی هەنایە بەرهەم، تا کۆتایش ئەنجامەکە بەو شێوەیە مایەوە.

سەرئەنجام یارییەکە بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە سودی ناپڵی کۆتایی هات، بەو ئەنجامە تیپەکەی کۆنتی بووە پاڵەوان و بە چوارەم جار لە مێژوویاندا نازناوەکەیان بەدەستهێنا.

لە یارییەکی دیکەی هەمان هەفتەش ئینتەر میلان لە کەمەی بردەوە و لە پلەی دووەم کۆتایی بەم وەرزەی سەریا ئێی هێنا.